
# نانەبەرە

تایبەت بە ڕۆژی جیهانی منداڵان

دلێر ئیبراهیم

شیعر

٢٠١٢



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی سلێمانی
بەڕێوەبەریتی خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیری منداڵان

ناوی پەرتوك : نانەبەرە
بابەت: شیعر
نووسینی: دلێر ئیبراهیم
تایپ و هەڵەبری : دلێر ئیبراهیم
بەرگ و نەخشەسازی : سامان محەمەد ساڵح
سەرپەرشتی چاپ : نیزام نوری سەعید
چاپ : چاپخانەی پیرەمێرد
ساڵی بەچاپ گەیاندن: ٢٠١٢ _ چاپی یەکەم
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی ( ١٤٩٣ ) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی سلێمانی پێدراوە ، لە ساڵی ( ٢٠١٢ ) .
ناونیشان : شەقامی مەلیك مەحموود، پشت بەڕێوەبەریتی هاتووچۆی سلێمانی ، تەنیشت بەڕێوەبەریتی باجەکان .

E_mail: xanaysmora@yahoo.com
xanaysmora@hotmail.com

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە
٢٠١٢©



دلێر ئیبراهیم

لە ساڵی(١٩٥١) لە سلێمانی لەدایك بووە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە.
ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی مۆسیقای شۆڕش، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بووە.
بووە بە مامۆستا لە مەرگە وانەی وتۆتەوە.
دروستکردنی تیپی مۆسیقای منالان .
لە ساڵی (١٩٧٦) ئۆپەریتی (ئاهەنگی شوان) لەهۆنراوە و ئاوازی ئەم بووە، ئەم بەرهەمە لە سلێمانی پلەی دووەمی بەدەستهێناوە.

لە ساڵی(١٩٧٧)لە دانانی مۆسیقای (بەیتی رێزانکێ) پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و پلەی ئیمتیازی یەکەم لە خولی سەرانسەری عێراقدا کە بۆ مامۆستایانی مۆسیقای هەموو پارێزگاکان کرابووەوە
لە ساڵی (١٩٨٢) بووە بە پێشمەرگە.
لە ساڵی (٢٠١٢) خەڵاتی ( بلە )ی پێبەخشراوە .

ئازیزەکان
منیش ڕۆژێك وەکو ئێوە لە کوردستان لە دایك بووم
کە گەورەبووم چوومە مەکتەب
ئەوسا وەکو ئێستا نەبوو
ساڵێك کوردی و ساڵێکی تر بە عەرەبی دەرسمان ئەخوێن
چونکە کوردی قەدەغەبوو
من بەس حەزم لە زمانی دایکی خۆم بوو
لە تاوانا هانام برد بۆ شیعری کوردی
زۆر هۆنراوەم کۆکردەوەو
زۆرم لەناو دەفتەرەکەم بە خەتی جوان ئەنوسیەوەو
هەندێ جاریش هەر هەموویم لەبەر ئەکرد
هەر جارێك من هۆنراوەکەم ئەخوێندەوە یاخود ئەم وت
هەستم بە خۆشیەك ئەکرد
چ خۆشیەك
بەداخەوە ئەوەتا ئێستا گەورەش بووم
هەر ناتوانم باسی ئەو خۆشیە بکەم
ئاسان نیە لەوە بدوێم
بەڵام ئەوە زۆری نەبرد
حەزم گۆڕا، لەپڕ خولیام چووە سەر بابەتێکی تر
ویستم فێری مۆسیقا بم
زۆر دڵتەنگ بووم
باوکم نەبوو!! خێزانەکەشمان هەژاربوو
نەمدەتوانی ورك بگرم ، پێ دابگرم
بڵێم ئەبێ کەمان بکرم ، یان بۆم بکرن
بەڵام باسم بۆ کردبوون ، چەندە عاشقی کەمانم
زۆری نەبرد لە پڕێکا دایکم باوەشی پیاکردم وتی: دلێر
من پانکەکەم بە شەش دینار فرۆشتووە
منیش قسەکەم پێ بڕی و وتم دایە تۆ بۆ شتی وات کردووە
ئێمە یەك پانکەمان هەیە
هاوین چی بکەین
دایکم وەڵامی دایەوە وتی ڕۆڵە
ئێمە هاوین گوێ شل ئەکەین بۆ ئاوازی کەمانی تۆ
من ناتوانم تۆ وا خەفەتبار ببینم








بۆیە بە پارەی پانکەکە، کەمانێکم بۆ کڕیوی پێشکەشت بێ
لە خۆشیدا وەختبوو شێت بم
باوەشم کرد بە دایکما و تێر ماچم کرد
دایە گیان بەقوربانت بم ، تۆ چۆن وات کرد ، تۆ بۆ وات کرد
کاتێ من سەرم هەڵبڕی
بینیم کە فرمێسکی خۆشی لە چاوانیا قەتیس مابوو
نە من هیچی کەم بۆ وترا ، نە ئەویش هیچ
بۆیە منیش بڕیارم دا خۆم هیلاك کەم
تاکو فێری مۆسیقا بم
تا بتوانم خزمەت بە گەلەکەم بکەم
نازانم تا چەند توانیومە بەوەفابم بۆ ئەو پەیمانەی کە داومە
هێندە هەیە لەگەڵدا بووم
پشتم لە کورد نەکرووە
چونکە زۆرم خۆشویستووە.
چاك ئەزانم ئێوە زیاترتان پێ ئەکرێ
زۆر دڵنیام بۆیە هەردەم چاوەڕوانم
ئاواتمە نەمرم تاکو بەرهەمەکانتان ئەبینم
چونکە میللەت بەتەنیا بە کاری ئێمە پێش ناکەوێ



گەر حەز بکەین: کوردستانمان ئاوەدان کەین
مرۆڤ لە ئازار رزگار کەین
ئەبێ هەموو بەیەکەوە
هاوکاری کەین
پلان دانێین
تێ بکۆشین
یەك قبوڵ کەین
کاری یەکتری تەواوکەین
ڕەنگە من هەر ئەوەبزانم کە نوسیومە
بەڵام ئێوە
ئێوەی نەوەی داهاتوومان
نەوەی تازە
ڕێگای تازەتر و نوێ تر ئەدۆزنەوە
بگەنە ئەو ئامانجانە، دەرسی هەزاری وەك ئێمەی پێدا ئەدەن
هیوادارم کەمێ خاتری ئێمەش بگرن، تەواو شەرمەزارتان نەبین.

دلێر ئیبراهیم

# مەیموون




ڕۆژگار هاتوو ڕۆژگار چوو
مەیموونێك لەدایك بوو
هەرچەندە وردیلە بوو
حەزی لە بەرسیلە بوو
هێندێکی خوارد ترش بوو
دەموچاوی گرژ بوو
لەئەنجامی حەزی بوو
هەڵبەز و دابەزی بوو
مەیموون هات و مەیموون چوو
جوکەیەکی لێ دەرچوو
ئەو هەر ئەملا و ئەولای بوو
بزانێ کێ گوێی لێ بوو
( هیچ کەس ئاگای لێی نەبوو
ئۆخەی دڵم ڕەحەت بوو )
ئەتوانی تۆ پێم بڵێی :
چی خورا ؟
چی ڕوویدا ؟
چی بوو ؟



ڕۆژگار هاتوو ڕۆژگار چوو
مەیمونەکە گەورە بوو
ئەو ڕووداوەی لەبیر چوو
قیسمەت و نسیب وابوو
عاشقی مەیموونێ بوو
دوایی لەگەڵیا جووت بوو
ئەزانی مانای چییە ؟
دوایی لەگەڵیا جووت بوو؟

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو
مەیموون مەیموونێکی بوو
کەوتنە ساڵی داهاتوو
مەیمونێکی تری بوو
ساڵەکەی تر بێبەر بوو
هیچ منالی تیا نەبوو
ساڵی چوارەم تێپەڕ بوو
بێچوویەکی تریشی بوو
ساڵی پێنجەم دیسان زوو
مەیموونە سکی پڕ بوو
ساڵی دواتریش وابوو
بەسکێك دوانی کەی بوو
حەوتەم ساڵیش تێپەڕ بوو
یەکێکی تریشیان بوو
ئەتوانی تۆ پێم بڵێی :
ئەو خێزانە چەند سەر بوو ؟





دایکەکە چاوی لێبوو
هەرە گچکەکەیان بوو
هێند بەرسیلەی خواردبوو
تا سەر لووتی هاتبوو
لە هەڵبەزو و دابەزدا
جووکەیەکی لێدەرچوو
بچکۆلە دڵی تەنگ بوو
- دایە ئاگای لێنەبوو -
- یاخۆی وا لێکردبوو
بچکۆلە وای بیستبوو
ڕۆژێ لە ڕۆژانی زوو
لەناو قەومی مەیموونددا
ڕووداوێکی وا بووبوو
نەیزانی بوو
کێ بووبوو !
دوای تۆزێ لەبیری چوو
تێگەیشت ئەویش وەك عام بوو
لەیاری بەردەوام بوو
ئەتوانی پێم بڵێی زوو :
ئەگەر شتێکی وا بوو
یەکێ ( هینی ) لێدەرچوو

# ئۆپەرێتی ئاهەنگی شوان



## گۆرانی یەکەم

هەموو تینووی سەربەستین
بەو نایە ئێمەش مەستین
هۆ هۆ کاکەی شوان
شمشاڵ لێ نادەی بۆمان
هەموو بەیەکدەنگ بلێین
بژی گەل و نیشتیمان
هەموو تینوی سەربەستین
بەو نایە ئێمەش مەستین
هۆ هۆ کاکەی شوان
لە پێناوی خاکمانا
رازین سەریش بەختکەین
لە رێگەی کوردستانا
وڵاتتان ئازادینە
بەهەشتی سەر زەمینە
هۆ هۆ کاکەی شوان
دەی شمشاڵت دەربێنە
لەرێی ئازادی ژینا
یەك یەك گیانمان لێسێنە
وڵاتتان ئازادینە
بەهەشتی سەرزەمینە
هۆ هۆ کاکەی شوان
تۆش دەس بدەرە دەسمان
هەموو بەیەکدەنگ بلێین
بژی گەل و نیشتمان

## گۆرانی دووەم



من ئازادم من ئازادم
من سەربەستم دەروون شادم
بەیانیان زوو لەگەڵ ڕانا
ئەچمە ئەو دەشت و کێوانە
کوێ خۆشە تیا ئەمێنمەوە
تاوەکو ئەحەسێمەوە
کوێ لەوەڕی خۆشی تیایە
مەڕەکانم لەوێدایە
مەڕەکانم نەبوون برسی
پارێزراون لە مەترسی
بۆیە ئەڵێم من ئازادم
من سەربەستم دەروون شادم

## گۆرانی سێیەم



ئازادینە ئازادینە
ژیانتان نموونەی ژینە
هیوای ئێمەش ڕاپەڕینە
هیوای ئێمەش ڕاپەڕینە
با هەموومان دەس بەینە دەس
پشت با بە خۆمان ببەستین
هەوڵبدەین لەمە زیاتر ڕانەوەستین
هەوڵبدەین بۆ ژیانی پڕ سەربەستی
دووربێ لە ئازارو پەستی
ئازاد بین وەك شوانی بەرغەڵ
بفڕین بجریوێنین وەك مەل

## گۆرانی چوارەم

## هۆنراوەی فایەق بێکەس



**شوان**

مەڕەکانم چەندە جوانن
چەند بە کەڵك و بەستەزمانن
بڕۆن بڕۆن بۆ ئەو لایە
زۆر لەوەڕی خۆشی تیایە

**مەڕەکان**

لوورەی گورگێ دێتە گوێمان
نزیك کەوتۆتەوە لێمان
ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان
ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان



**شوان**

لە لوورەی ئەو قەت مەترسن
ئەگەر لەو گورگە ئەپرسن
وا ڕای کردو ملی شکان
بازەی دی ڕۆیی تێی تەقان

**مەڕەکان - کۆرس**


بەهارمان هەر بۆ بمێنێ
یەزدان تۆمان لێنەسێنێ
لەچاکەی تۆ قەت دەرناچین
هەتا ماوین گەردن کەچین

تێبینی :

ئەم ئۆپەرێتە لەهۆنراوەی فایەق بێکەس و دلێر ئیبراهیمە لە ساڵی ١٩٦٧ لە فێستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکاندا پێشکەشکراوەو پلەی دووەمی بەدەس هێناوە ئەم بەشانەی سەرەوە بەشێکن لەو ئۆپەرێتە کە بە ئاوازەوە وتراون و ئاوازەکانیش لە دانانی دلێر ئیبراهیم بووە.
هەموو وشەیەکی کورد و کوردستان کراوە بە گەل و نیشتمان چونکە ڕێگەی پێنەدرابوو لەو سەردەمەدا.

# کونە مشک

هەبوو نەبوو
مشکێك هەبوو
زۆر زۆر بچوك
دەم وەك دەنووك
دەست وپێ ورد
سەری سێ سووچ
کلکی باریك
یەگجار گوێ سووك
دەرزیت هەڵدایە سەر زەوی
گوێی لێ ئەبوو
زیتەڵەبوو
لە رۆیشتندا توندو خێرا
وتو وریا
بۆ خۆی لە کونێکدا ئەژیا
کونە مشك
رەش و تاریك وەك شەوەزەنگ
ساردوسڕو کپ و بێدەنگ
هیوادارم
شوێنی وا نەبێ بە جێتان
ناخۆشی نەیەتە رێتان
وا ئەمجارەش چیرۆك تەواو
من خوا حافیز
مەرگتان نەبینم
هەرگیزاو هەرگیز



# میوانداری






گا بە بۆڕە بۆڕ
شێر بە نەڕەنەڕ
گورگ بەلووره لوور
کەر بە زەڕەزەڕ
هاتنە لای ڕێوی
دەعوەت کرابوون
وەعدی خۆراکی
خۆشی پێدابوون
شێرە نەڕانی
گورگە لوورانی
کەرەکە زەڕی و
گاکە بۆڕانی
ڕێوی پێی وتن :
هۆ میوانەکان
زۆر زۆر بەخێربێن
هاتن سەرچاوان
لە خزمەتدایە
سەرو ماڵ وگیان
بۆ ئێوەی دڵسۆز
بۆ ئێوەی میوان
سەری لەڕێیە
مام ڕێوی خۆتان
ئەمەوێ .. ئەمڕۆ
ئەگەر ئیزنم بەن
ڕێگام لێنەگرن
پەند بڵێم بۆتان
هەموو بەیەکدەنگ
پێیان وت فەرموو
فەرموو مام ڕێوی
پەندت بڵێ زوو




وتی : بەڕێزان
گەورە میوانان
زۆر زۆر بەخێر بێن
هاتن سەر چاوان
کۆن وتویانە
- یادیان بەخێربێ -
گەر نەڕەو زەڕین
بۆڕەو لووراندن
نرخیان زیو بێ
چاك چاك بزانن
کەوا بێدەنگی
نرخی ئاڵتونە
شێرو گورگ و گا، هەرسێ حاڵی بوون
بۆیە هەرسێکیان، خێرا بێدەنگبوون
دەستبەجێ دەنگیان لە خۆیان بڕی
بەڵام گوێدرێژ یەکسەر بۆی زەڕی....
مام ڕێوی وتی :
بەسیەتی .... هەی کەر
سەرمان بەربۆوە
بەسە زەڕەزەڕ
گورگ وتی :
ڕێوی
بەسە زۆر وتن
لە پڕ گوێدرێژ دیسان فووی پیاکرد
زەڕەزەڕێکی زۆری بەرپاکرد
گا ڕوانیە کەرە
خۆشحاڵ ئەوی دی
رووی کردە ڕێوی و
بە تووندی وتی :
هەستە هەی فێڵباز





سفرەکە داخە
لەبرسا مردین
کەر بێ دەماغە
دیسان کەر وەك شێت
زەڕەی دەستپێکرد
بەو زەڕە زەڕە
مێشکی دنیای برد
ڕێوی فێڵ بازیش، هەتاکو توانی
پڕ بەدەنگی خۆی
قایم قیژانی :
کوڕە نان بێنن..
ئادەی ئاو بێنن..
سفرە حازرکەن..
میوان بەڕێکەن..
خوانەکە بێنن..
رومان سپی کەن..
کەرەش ئەزەڕێ و بین ئەخواتەوە..
لەو وایە ڕێوی جواب ئەداتەوە..
شێرە توورەبوو قایم قیژانی
وتی : ئەی ڕێوی
تۆ زۆر فێڵ زانی
نانەکەت بێنە، با بیخۆین خێرا
ئەگینا ئەتکەم بە پەنگی دنیا
ڕێوی لەسەر خۆ
وتی: مام شێر گیان
بە هەقی قورعان
ئەمجارەش دەڵێم
بە هەقی قورعان
وا دەنگم نووسا
بۆ گوێت لێی نییە





هاوار هاوارمه
نان بێنن بۆتان
بەڵام من چیبکەم
خەتای من چییە
لەبەر زەرەزەر
کەس گوێی لێم نییە
جەنابتان پاشای ناو دارستانن
بەشانازییەوە لامان میوانن
فەرموون بڕیار بەن
ئەو ناپەسەندە، لە زەڕین بخەن
ئەو دەمە مەرج بێ
قەول بەجێ بێنم
هەمووتان تێر کەم
دڵتان نەشکێنم
کەری بەسزمان ئاگای لێ نییە
ئەو کەینوبەینەی ڕێوی بۆچییە
ئەزەڕێ و دیسان ئەزەڕێتەوە
چیاو دەشت و دۆڵ ئەلەرێتەوە
لە ناکاو شێرە پەلاماری دا
کەری لاساری دا بە زەویدا
دوای ئەو مام گورگ و ڕێوی وەکو هار
تێر تێریان گۆشت خوارد لە لاشەی لاسار
مانگا بۆڕانی : بە من چی ئەدەی؟
ڕێوی برسیمە چۆن چارەم ئەکەی
ڕێوی بە چرپە وتی : گای نازدار
تۆ خۆشەویستی
لەسەر دڵانی
دەنگت زۆر خۆشە
لەبۆ گۆرانی





دەنگت زۆر خۆشە
لەبۆ گۆرانی
ئەڵێم ناتوانی
بڵێم نازانی
پێم بڵێی بەیتێ.... شتێ .... نازانی؟
بۆ ئێمەی بڵێی
سەرمان گەرم کەی!
هەرچی منیشە وەعدت پێ ئەدەم
لە وەعدەی ئەمڕۆم هەرگیز لانادەم
ئەگەر تۆ بەیتی ( بۆڕە ) تەواوکەی
هەتا کۆتایی.. بەبێ راوەستان
منیش پەیمان بێ پەیمان بێ پەیمان
گیاو کات بۆ دانێم
بە دڵ و بە گیان
هەتا تێر نەبی دەستت هەڵمەگرە
لەنەڕەو لوورەی..
سەیرێکی شێرو گورگەکە ئەکات
لەنەڕەو لوورەی..
هیچ کەس گوێ مەگرە

گاش وەك گوێدرێژ
ئاگای لێ نییە
ئەو کەینوبەینەی ڕێوی بۆچییە؟
گەلحۆ یەکبینە بۆڕانی بۆ خۆی
بە هیوای ئەوەی ئالیك بێنن بۆی
ڕێویش گەڕاوە لای گورگە بۆڕە
وتی مێشکم چوو لەم بۆڕە بۆڕە
هیچم بۆ ناخورێ
مەعیدەم گیرا
لەبەر بۆڕە بۆڕ



باوەڕم پێ بکە
نەفسم لێی تۆرا
هەر وتی و وتی و
هیچ رانەوەستا
تا پەتی سەبری شێرەکە پچڕا
شێرە وەڕس بوو لە بۆڕەی مانگا
پەلاماری دا دای بەزەویدا
رێوی ئاخرکەس تا توانی خواردی
کاتێ تێگەیشت گەییە مرادی
ئەوەندە تێرن هیچیان بۆ ناخورێ
هەستا قیژانی وتی با نان بێ
شێر وتی: رێوی سوپاس ماڵئاوا
لەوە زیاترمان بۆ ناخورێ بەخوا
گورگ وتی : رێوی
وا نابێ و ناکرێ
تا ژەمێکی کە هیچمان بۆ ناخورێ
بە فیزێکەوە رێوی هاتە زمان
وتی :بەڕێزان
ئازیزان ..دۆستان
زۆر زۆر بەخێربێن
هاتن سەرچاوان
لەکەموکوری بەندە ببورن
لە زەڕەو بۆڕەی ئیمڕۆ ببورن
لە دواکەوتنی سفرە ببورن
لە زۆر وتنی بەندەش ببورن
ماڵی خۆتانە خەجاڵەتم من
هاتن بەخێر بێن
ئەڕۆن بەخێر چن
هاتن بەخێر بێن
ئەڕۆن بەخێر چن



# توتە


دەستی ڕاست پێنج پەنجەی هەیە
ئا ئەمە یەك ئائەمە دوو ئائەمە سێ
ئائەمە چوار
ئا ئەمەش پێنج
ئەی دەستی چەپ كێ ئەزانێ ؟
- چەپیش هەروا پێنجی هەیە
بابزانین ئایا پەنجە
ناوی هەیە
ئەی چۆن ئەی چۆن
پەنجەكانیش ناویان هەیە !
كێ ئەتوانێ ناویان بڵێ ؟
خۆم ئەتوانم :
ئەمە توتە
برای توتە
باڵا بەرزە
دۆشاو مژە
ئەسپێ كوژە
جارێكی كەش بیلێمەوە ؟
ئەمە توتە
برای توتە
- باڵا بەرزە
- دۆشاو مژە
- ئەسپێ كوژە
چی ؟ چی ؟ چی ؟ چی ؟
ئەسپێ كوژە ؟
بەیارمەتی...
من بەجۆرێكی تر
من ئەیلێم
یەكەم چی بوو ؟
- پەنجە توتە








بلێم دووەم ؟
برای توتە
سێیەم ! سێیەم !
باڵا بەرزە
ئائەمە پەنجە تووڕەیە
ئەمە پەنجەی هەڕەشەیە
با پێی بڵێین : قامکە توڕە
ئەم قەڵەوە گرگنەیەش
کەپێی ئەڵێن پەنجە گەورە
پەنجەی کەروێشك خواردنا
ئەزانن بۆ وای پێ ئەڵێن ؟
هەبوو نەبوو
کەس لە خوا گەورەتر نەبو
لەمێروولە دارەوانتر ؟
ئەوە هەرهیچ  بۆی مەگەڕ
وەکو وتم :
هەبوو نەبوو
کەروێشکێکی سپی هەبوو
کەروێشکە هات
هات هات  هات هات
ئا لێرە نووست
کەروێشك زۆر خەواڵووە
وانیە توخوا ؟
بەرێ وەڵڵا
بە یەك دەققە خەوی لێکەوت
توتە گرتی
برای توتە سەری بڕی
باڵا بەرزە زوو پاکی کرد
قامکە توڕە بۆی برژاندن



کێ ئەزانێ ئەمە چی کرد ؟
ئەمە خواردی
ئەی ئافەرین ئەرێوەڵڵا
پەنجە گەورە
هەر هەمووی خوارد
بەشی کەسی نەهێشتەوە!
چۆن وا ئەبێ ؟
تو خوا ئەبێ
خەڵك ئەوەندە نەوسن بێ ؟
نەء قەت نابێ
هەرگیز نابێ
تۆ جارێکی کە گوێ بگرە
کەروێشك کەروێشك
هات لێرە نووست
ئەمە گرتی
ئەم سەری بڕی
ئەم پاکی کرد
ئەم برژانی
ئەمەش خواردی
ئەوە بۆیە وا قەڵەو و تێکسمڕاوە
لەم سەرەوە دانیشتوەو
نەجوڵاوە
ئەم ورگنە
هەر خواردوێتی و
قەت بەشی کەسی نەداوە .



تێبینی :
بۆ هۆنینەوەی ئەم هۆنراوەیە کەڵك لە کەلتوری کوردی وەرگیراوە.







# وامئەزانی

وام ئەزانی
شەماڵی دەمەو بەیانی
قژی خاوت ئەلاوێنێ
وام ئەزانی
بەهاری پڕ خۆشی و جوانی
خونچەی لێوت ئەخەملێنێ
............
وام ئەزانی
کزە باکە هێدی هێدی
بە گوێی خەڵکا ئەچرپێنێ
تاکو مژدەی
گەڕانەوەو سەربەرزیتان
بە هەموو گەل بگەیەنێ
................
نەمئەزانی
شەماڵ ئەمساڵ
ڕەشەبایە
لە ناو دروشمی ماتەما
هەواڵی مەرگم بۆ دێنێ
بەزەیی بە تۆدا نایە
ئەتوەرێنێ
..................


لەناو دڵا
پەرستگای یادی تۆی تیایە
لە دەنگی کەو و بولبولا
لە ڕەنگی خونچەی سەر چڵا
بەسەرهاتی
پڕ ئەشکەنجەی لە ناوایە
هۆ هۆ هۆ هۆ
هۆ هۆ هۆ
................
هۆ هۆ هۆ هۆ
هۆ هۆ هۆ
هەیڕۆ هەیڕۆ هەیڕۆیە
کازەو فەرمانم ڕۆیە
هەیڕۆ هەیڕۆ هەیڕۆیە
ئازەو ڕێبوارم ڕۆیە
.................
هەر ڕۆژێ دێ
کزە باکە هێدی هێدی
خونچەی تازە بکاتەوەو بیخەملێنێ
تاکو مژدەی بە یەکجاری
سەرفرازی
بە هەموو گەل بگەێنێ

تێبینی
ئەم هۆنراوەیە بۆ کارزان و هاوڕێکانی دانراوەو بە ئاوازەو پێشکەشکراوە
لە ساڵی 1978

# گەورە ماسی



دەگێڕنەوە
سەردەمی زوو
ماسیەکی گەورە هەبوو
ئەو ماسیە
لە گۆمێکی شیندا دەژیا
ئاڵتونی بوون
پولەکەکانی سەر پشتی
بەرگەردن و ژێر سکەکەی
وەکو بەفر
سپی .. سپی
سەر ملەکەی کەمێ زەرد بوو
لای کلکەکەی
سەوزی تۆخ بوو
وەك قیر رەش بوون
چاوەکانی
ئادەی بزانم ئەتوانی
وێنەی ئەو ماسیەم بۆ بکەی ؟
چۆن باسکرا واش رەنگی کەی؟




# دایه گیان

**ئەم شیعرە تایبەتە بە منداڵانی سەروو (١٢) ساڵان**

هۆ دایەگیان
کەساسەکەم
هۆ دایکا من
من ئارەزووی گشت خۆشیەکم
بۆتۆ کرد
گشت خۆشیەکم بۆ تۆ ویست من
هۆ دایەگیان
هۆ دایکا من
دەمویست بەختیار بتبینم
بتلاوێنم
ئەوە مانای زۆر بوو بۆ من
بەس بوو بۆ من!

من وام دەویست
هەموو شتێکت پێشکەشکەم
کە تۆ دڵت بۆی لێئەدا
من وام دەویست
تەنیا و تەنیا
ئەوە بکەم
کە لای تۆوە
داوا ئەکرا
من وام دەویست
گشت شتێکت لەگەڵ بەشکەم
هەموو شتێکت نیشاندەم
بەڵام هەرگیز
ئەڵێم هەرگیز
من نەمدەویست
تۆ لەدەستبەم





سەد مەخابن
هیواکانم
ئارەزوەکان
هیچ بەرێکیان لێ شین نەبوو
ئاواتی من
هیوای ناو دڵ
بۆ تۆی نازدار
وەك چەمێکی سەرشێت وابوو
کەتەنیا بیەوێ بگات بەدوا مەنزڵ
وا تۆش گەیشتیتە کۆتایی
ئاخ بۆ واتکرد ؟
داخ بۆ واتکرد ؟
بۆ وای لێهات ؟
بۆ وا دەرچوو ؟
بۆ وا نووسرا ؟
بۆ وا تێکچوو ؟



هۆ دایەگیان
تۆ بەوکارە منت هاڕی
منت ورد کرد
دنیات کردم بە سەد پارچە
دڵ بە هەزار
ئەشکەنجەکانی من بە ملیۆن
نایەنە ژمار
تۆ کۆتایت بەناخی ڕۆڵەی
خۆت هێنا
منت سڕ کرد
دەروونم مرد
باوەڕ بکە دەروونم مرد

هۆ دایەگیان
تۆ چویتە ئەو دنیایەی تر
خۆمن هەردەم
دادم لەپێناو تۆدا بوو
هەرچەند بۆ تۆش بێ واتا بوو
دایە ئەوەی وا قەوماوە
ناخی دەروونی منی گرت
هۆ دایەگیان
تۆ قووڵ منت بریندار کرد
ئێستا
خەمی لێ ئەتکێ دڵ
خوێناوە دێ لە چاوانم
ترسناکن خەونەکانم
خەمی ڕەش و تارە ژینم
چاڵێکی ڕەش و بێ بنە
ئێستا گیانم
شارە لەبیرچووەکەمە
ئێستا ژینم

هیوای ژیان زۆر بەتاڵە
واخەریکە کۆتایی دێ
وەك هەوڵ ئەدەم ئەنجامی دەم
بەتەنیا
لەناوەڕاستی چوار دیواردا
قەتیس ماوم
ئەزانی بۆ وا داماوم
لەبەر ئەوەی
تۆ بەڵێ تۆ
تۆی خۆشەویست
تۆ منت هێنایە دنیا



بەڵام هیچ هیوات نەدامێ
پێش سەفەری لەناکاوت
ئەوەتا ئێستاش
گەورە بووم
هیچم نیە
تەنیاو ڕووتم
تۆ چیت دامێ
هۆ دایەگیان
چیت بەجێهێشت
بۆ منی کڵۆڵی بەسزمان
جگە لەخەم
جگە لە ژان




نووری چاوم
من پێم وایە تۆ ئەبوایە
زیاتر هەوڵت بۆ من بایە
زۆرتر لەگەڵما بویتایە
تا ئێستا
بم توانیایە
بژیامایە
تۆ ئەبوایە
بتزانیایە
کەمن پێویستم بەتۆیە
دایە
دایە
توخوا دایە
ئەتەوێ ئێستا
بزانیت
پێویستم بەچیە ؟
دایە



یا کام تاسە و کامە خۆزگە و
کام ئارەزوو
لەدڵمایە ؟
پڕ بە دڵم
پڕ بەناخم
پێداویستیم
بەکەسێکە
لەباوەشی
گەرمی ئەوا
سەری کزم
ئۆقرەی یەکجاری گرتایە
تاسەی دووری و خۆشەویستیم
لێ بشکایە
یەکێکی وا
کە هەمیشە
لەسەر من و
لەگەڵ من و
لەلام بوایە
وەك تۆ دایە
سەد مخابن
هۆ دایکا من



تێبینی :

بیرۆکەی ئەم هۆنراوەیە قوتابیەکی کورد بە زمانی سویدی دایڕشتووە و من بە دەستکارییەوە کردوومە بە کوردی.

# شوان و بزن



هەبوو نەبوو شوانێك هەبوو
شوانە بزنی ئەلەوەڕان
لە خۆشەویستی بزنەکان
هەر یەکەو ناوێکی لێنان
ئەو بزنەی تۆزێ توکنو
ڕەنگەکەی خۆڵەمێشی بوو
ئەم پێی ئەوت : بەلەشینە
بەلەشینە بزنە بۆرە
بزنە بۆرە موی زۆر زۆرە
لەبیرت بێ یەکەم بۆرە

یەکێکی تر ڕەنگی سووربوو
هی پیرێژنێکی لێ قەوماو
خانووەکەی لەو پەری دێ بوو
شوان پێی ئەوت : قوتە هەمسە
قوتە هەمسە بزنە سوورە
بزنە سوورە ڕێگای دوورە
بۆم بژمێرە
یەکەم بۆرە
دووەم سوورە




بزنێکی تر هارو هاج بوو
دەمێ لەملا دەمێ لەولا
بە دارانا ، بە بەردانا هەڵئەگەڕا
بانگی ئەکرد: هەمسە زەردە
هەمسە زەردە بزنە زەردە
بزنە زەردە شێتی هەردە
لەبیرت بێ
یەکەم بۆرە
دووەم سوورە
سێیەم زەردە

ئەوی تریان رەشی قەتران
زۆر هێمن و نەرم و نیان
قوتە قەرەی پێ ئەوترا
قوتە قەرە بزنە رەشە
بزنە رەشە چاوی گەشە
وابوون بە چوار
بۆر و  سوور و  زەرد و  رەشە

بزنە سپی
هەر زۆر ئازاو چاونەترس بوو
پێی ئەوترا : قوتە سپی
قوتە سپی گوێی قوتە و بەس
ئازاترە لە هەموو کەس
بۆر و  سوور و  زەرد و رەشە
دوا بزنیان سپی و گەشە
ئەتوانی ئێستا پێم بێژی
شوانەکە چەن بزنی هەیە؟
بزنە بۆرە مووی زۆر زۆرە
بزنە سوورە رێگای دوورە
بزنە زەردە   شێتی هەردە
بزنە رەشە چاوی گەشە
پێنجەمیشیان سپی و گەشە
یەکەم  بۆرە
دووەم  سوورە
سێیەم  زەردە
چوارەم رەشە
پێنجەم چۆنە؟ پێنجەم چییە؟
پێنجەم سپییە
شوانەکە چەن بزنی لایە؟
ئاشکرایە پێنجی لایە





Petter och hans fyra getter
Av : Einar Norelius

I sin stuga bodde Petter
Med en katt och fyra getter
Första geten hette Röd
Den åt bara smör och bröd
Andra geten hette Blå
Den var starkare än två
Tredje geten hette Gul
Den var julbock var jul
Fjärde geten hette Vit
Han var känd för sin aptit

بیرۆکەی ئەم هۆنراوەیە لە بەرهەمێکی سویدیەوە وەگیراوە، لە سویدیەکەدا ناوی بزنەکان تایبەتن بەو زمانە، بەڵام لای ئێمەکۆمەڵێ ناوی تر لە بزن نراوە، من هاتووم ئەوانەم بە کار هێناوە بۆ ئەوەی لە یاد نەکرێن، بۆ ئەم کارەش کەڵکم لە کتێبی سەلیقەی کوردەواری وەرگرتووە.

# سەروا

بڵێ باییز — ئەڵێم پاییز
بڵێ مستان — ئەڵێم زستان
بڵێ بەکار — ئەڵێم بەهار
بڵێ هاوین — ئەڵێم ماوین
بڵێ چاوان — ئەڵێم باوان
بڵێ هەتاو — ئەڵێم هەناو
بڵێ تووتی — ئەڵێم شووتی
بڵێ هەوا — ئەڵێم کەوا
بڵێ قەشە — ئەڵێم رەشە
بڵێ کپی — ئەڵێم سپی
بڵێ قەوزە — ئەڵێم سەوزە
بڵێ دوور — ئەڵێم سوور
بڵێ پەردە — ئەڵێم دەردە
بڵێ چۆنە — ئەڵێم کۆنە
بڵێ دێو — ئەڵێم خێو
بڵێ کوا — ئەڵێم سوا
بڵێ دین — ئەڵێم شین
بڵێ کولانە — ئەڵێم جۆلانە
بڵێ زۆرە — ئەڵێم بۆرە
بڵێ قەلە — ئەڵێم مەلە
بڵێ چرا — ئەڵێم برا
بڵێ قیمە — ئەڵێم نیمە
بڵێ گەرما — ئەڵێم سەرما
بڵێ کەوە — ئەڵێم شەوە







بڵێ جل        دەس بە مل
بڵێ داو        دەس بە چاو
بڵێ دەرەوە    دەس بۆ سەرەوە
بڵێ کەوان    دەس بۆ سەر شان
بڵێ ماچ        دەس بە قاچ
بڵێ گۆڵ        دەس بە قۆڵ
بڵێ نان        دەس بە ران
بڵێ دوور        دەس بە سوور
بڵێ دین        دەس بە شین
بڵێ بەرد        دەس بەزەرد
بڵێ بەش        دەس بە رەش
بڵێ حەوز        دەس بە سەوز
بڵێ بۆر        دەس بە مۆر
بۆ وا کپی؟    دەس بە سپی
بۆ نامناسی؟ دەس بە رەساسی
بڵێ پاوەیی    دەس بە قاوەیی
بڵێ ماست    دەس بۆ لای راست
بڵێ تاسە    بڕۆین بۆ پیاسە
بڵێ ریش    بڕۆ بۆ ئیش


تێبینی


ئەم یاریە (بڵێ ئەڵێم) و (بڵێ دەس) ئەکرێ لە نێوان دوو کەسدا بکرێت کە یەکەم ئەڵێ (بڵێ) وشەیەك بۆ خۆی هەڵئەبژێرێ و بەرامبەر ئەبێ وشەیەك بدۆزێتەوە تەنیا یەك پیتی جیاواز بێت یان زیاتر لەو وشەیەی کە وتراوە، بەپێی رێکەوتنی بەینی ئەو دوو کەسەی کە یاریەکە دەکەن و دووەم بە (ئەڵێم) یان بە (دەس) دەسپێدەکات.

# کەڵەشێر



هەبوو نەبوو
کەڵەشێرێکی چاوڕەشی
پۆپنەبەرزی
زۆر دەنگ خۆشی
قەڵەو هەبوو
پۆپنەکەی سوور وەکو هەنار
چوار پارچە بوو
ئەوانەی پێشەوە گەورە و
دوانەکەی تر ، بچوکتر بوو
دووپەڕەکەیشی هەر سوور بوو
قورس قورس
لەژێر ملیا
داکەوتبوو
قاچەکانی و دەنووکەکەی
زەردی تۆخ بوون
پەڕی کلکی
چوبووە ئاسمان
وەکو کەوان
هاتبووە خوار
هەتاو بوایە
ئەو پەڕانە
هەریەکەو ڕەنگێکی ئەنواند
پەڕی یەکەم
لەسەرەوە
سەوزی تۆخ بوو
دووەم زەرد بوو
سێیەم شینی پیرۆزەیی
چوارەم مۆر بوو
پێنجەم قاوەییەکی کاڵ بوو






شەشەم سوور بوو
سەر ملەکەی
پرچی ئایشێ و فاتمە بوو
بەیانیان زوو
قوو ققوو قووی
دەست پێ ئەکرد
قوو ققوو قوو
قوو ققوو قوو
تۆ پێم بڵێ
من دراوسێ و تۆ دراوسێ
ئەگەر هات و
ئەو کەڵەشێرە ڕەنگینە
لەسەر دیواری ما بەینی
ئێمەو ئێوە
بەیانی زوو
پێش نان خواردن
دوای ئەوەی وتی
قوو ققوو
هێلکەیەکی گەورە بکات
ئەتوانی خێرا پێم بڵێی
بۆ کێ ئەبێ ؟
بەکێی ئەدەی ؟
گەر وەڵامەکە ئاسان بوو
بیرت ماوە
کەڵەشێرە ڕەنگینەکە
چۆن باسکرا
ئاوا ئەم وێنەیەش ڕەنگ کەی !




# ملەزەن

رۆژێك لە ڕۆژان
کارژۆڵەیەکی سپی جوان
ڕێی لێ تێك چوو
ون بوو لەڕان
بۆ بەدبەختی لەو رۆژەدا
نۆرە شوانی نەریمان بوو
بۆیە گەڕا ، ئەم لا گەڕا ، ئەولا گەڕا
کەڵکی نەبوو
کارە سپی لەهیچ لایەك دەنگی نەبو
نەریمانیش بەناچاری
نانەبەرەی کرد بە ملەك
گۆچانی گرت بەدەستەوە
ڕۆی دیسانەوە بگەڕێ
وای بڕیاردا
هەر لەو جێیەی
ماڵات چێشتە خەوی لێکرد
تا ئەو شوێنەی
بناوە لەوەڕیان لێکرد
ئەو جۆگەیەی
ماڵات ئاویان لێخواردەوە
تا ئەو شوێنەی تیا مۆڵ دران
هەمووی تەی کات
بەڵکو لەوێ
لە جێیەکدا
پەیدای بکات
ئەمە ئاوا
شوان ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ و بەردەوامە..
بێینەوە سەر کارژۆڵەکە
کاتێ کارە هەستی پێکرد







چی قەوماوە
ئەمرۆ لەڕان بەجێماوە
سام دایگرت و
بەترسەوە ملی ڕێی گرت
دنیا وەك دەریایەكی مەنگ
ئارام كشومات و بێدەنگ
تەنیا و تەنیا
كارژۆڵەیە هەنگاو دەنێ
دەنگی پێی ئەم
ئەو بێدەنگیە ئەشڵەقێنێ
ئەمەش لێرە
لەولایشەوە
ڕێویەكی فێڵبازی زۆرزان
هەر هەستی كرد
كارژۆڵەكە بەتەنیایە
وەك ملە زەن ڕێگای پێگرت
نەیویست ڕاكە ڕاكە بكاو
خۆی هیلاك كا
ویستی بەفێڵ و تەڵەكە،
خواردنی ئەمرۆی پەیداكا
بۆیە لەچەقی ڕێگاكە،
لەسەر گازی پشتی لێی كەوت
هاوار هاوار دەستی پێكرد:
هۆ خەڵكینە !
یارمەتیم بەن
دركێك چەقیوەتە قاچم
تو خوا وەرن
یارمەتیم بەن
بۆم دەربێنن
ئای باوكە گیان
ئای دایكە گیان





فریام کەون لێم قەوماوە
بۆم دەربێنن
کارە سپیش کە ئەمەی دی
بەدڵپاکی چووە پێشێ و
نزیك بووەوە و
ویستی دەردەکەی تیمارکا
درکەکە لە قاچی دەرکا
لەپڕێکا
ڕێویە سەر زل
پەلاماری کارەکەی دا
قەپی پیاکرد
بیگرێ و بیخوا
کارژۆڵەکە زوو تێگەیی
مامە ڕێوی درۆ ئەکا
ئەمە فێڵ و تەڵەکەیە
بۆیە ئاوا هاوار ئەکا
وەك تیسکەی تفەنگ تێی تەقان
کەللەزلیش بەدوایەوە
لەترسی ئەو بەدرەفتارە
ئەو سەگسارە



کارژۆڵەکە قاچێکی لێبوو بە هەزار
هەنگاوێکی لێ بوو بەچوار
تێی تەقێنە وەکوئاسك
بفڕە هەر وەکو فڕۆکە
کام کەل سەختە بچۆ سەری
کام سەنگەرە
زۆر قایمە بچۆ بەری
کام دار بەرزە پیا هەڵگەڕێ
نەك ئەو بەدفەرە بتگرێ
لە ئەنجامی ڕاکە ڕاکە و خۆهەڵدان
لە ترسانا

لەسەر وشکە کەڵەکێکی قەراغ ڕێوە
ئازایانە خۆی بۆ هەڵدا
تا لەسەر قەدی دارگوێزێ
خۆی گرتەوە
خۆی لێ مت کرد
بەدەم هەناسە بڕکێوە
لەدڵی خۆیدا ئاوای وت :
ئێرە باشە
ڕێوی قەت دەستی پێم ناگات
ڕێویەی فێڵباز
زۆر هەوڵی دا بەدارەکەدا هەڵگەڕێ
لەملا لەولا کەڵکی نەبوو
زۆر هەوڵیدا جارێکی کە
بەفروفێڵ
کارژۆڵە هەڵخەڵەتێنێ و
وای لێبکا بێتە خوارێ و
بیگرێ و بیخوا
کەڵکی نەبوو
دادی نەدا
لەبەر ئەوە لەخوارەوە
لەبەر سێبەری دارگوێزا
وەك پاسەوان ئێشکی گرت
بۆی هەڵتوتا
چاوەڕوانبە و
چاوەڕوانبە و
چاوەڕوان بە
بەڵام دنیا هەروا نابێ
ژین لێرەدا ڕاناوەستێ و
تەواو نابێ
لەناکاوێکدا نەریمان
لەشانس و بەختی کارژۆڵە



قوت بووەوە
هەر وەك مووی بۆ هەڵکرِوزێ
هاتە مەیدان
هەر ئەوەی دی
هار بوو
شێت بوو
گاڵۆکەکەی خستە ئاسمان
هەڵیسوڕان
بە ڕاکردن
چنگ لەسەر شان
هات بەپەلە بەرەو ڕوویان
هۆ ڕانەکەی ئادەی بیگرن
بەدەنگە دەنگ ڕێوی تۆقان
ڕێویە درندە
هێند ترسا
کونە مشکی لێ کرابوو بە قەیسەری وەسمان پاشا
لەچاو تروکاندنێکدا ونبوو
کەس نەیزانی
ئەوە ئاسمان هەڵیلوشی
یا زەوی بوو کە قوتی دا
ئاوا نەماو بێ ئەسەر بوو
لەچاو ونبوو
ئێ بەهەرحاڵ...
ئەم جارەشیان ڕزگارمان بوو
دەستت خۆشبێ کاك نەریمار
دەستت خۆشبێ
ئەو سەگسارەت ئاوا تۆقاند
ئینجا شوانە
کارەسپی
لەسەر دارگوێزە داگرت و





کردیە باوەش
بە پێکەنین و گۆرانی
بەدڵشادی و کامەرانی
بە ئاواتی جاویدانی
تاکو ماڵەوە نەوەستان
کە گەیشتنەوە
هەموو لایەك بەیەك شادبوون
بوو بەبەزم و شایی لۆغان
بەهەڵپەڕکێ و چەپڵە لێدان
دەهۆڵ بکوتە تا ئەتوانی
زوڕنا لێدە تابەیانی
جەژنە جەژن
جەژنی شادی
جەژنی ڕزگاری و ئازادی
بەخوا خۆشە
بەیەك شادبوون
منیش ئەڵێم:
بەئاواتی :
لەتەنگانەدا دەرباز بوون
بە ئاواتی
بەدۆست شادبوون ..
چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز



تیبینی
لەم هۆنراوەیەدا ویستومە هەندێ وشەی تایبەت بە ئاژەڵ بەخێوکردن بدەم بە گوێی منداڵاندا.

# مشك

هەبوو نەبوو
مشكێك هەبوو
لە كونجی ماڵێكدا ئەژیا
كونە مشك ساردو سڕ بوو
تاريك تاريك
جێگای نسێ بوو بێ هەتاو
منيش ئەڵێم
خواتان لەگەڵ
چيرۆك تەواو
. . .
با بزانين كێ ئەتوانێ
چيرۆكی وا كورت دابنێ؟
تا سبەينێ
لە مامۆستاو هاورێكانی
چەپڵەو ئافەرين وەرگرێ



### تێبينی

لە سويد ماوەيەكی كەم مامۆستا بووم سەرنجی ئەوەم دا مامۆستاكان چيرۆكی بچوك بۆ منداڵەكان باس دەكات و هانيان ئەدا ئەوانيش لەو شێوەيە باس بكەن ئەمە يارمەتی ئەوە ئەدات منداڵ مێشكی بكرێتەوەوتواناكانی خۆی پيشان بدات وەكو نموونە مامۆستاكە بە سويدی ئەڵێ مشكێك لە ناو ماڵەكەيدا ئەژيا بەڵام چۆن لای ئێمە چيرۆك بە هەبوو نەبوو دەست پێئەكات و بە مەرگتان نەبينم هەرگيزاو هەرگيز كۆتايی دێ مامۆستاكە هەوڵئەدات ئەوەيان بە زمانی سويدی لا بچەسپێنێ بۆ ئەوەی ئەوانيش ئەو دەستپێكردن و كۆتايی هێنانە فێربن و بەكاری بێنن هەرچەندە لای ئەوان شتێك جياوازە، بيرۆكەی ئەم هۆنراوەيەو هۆنراوەی كونەمشك لەمەوە وەرگيراوە.



هەبوو نەبوو
مشكێك هەبوو
زۆر زۆر بچوك
دەم وەك دەنووك
دەست وپێ ورد
سەری سێ سووچ
كلكی باريك
يەگجار گوێ سووك
دەرزيت هەڵدايە سەر زەوی
گوێی لێ ئەبوو
زيتەڵەبوو
لە رۆيشتندا توندو خێرا
وتو وريا
بۆ خۆی لە كونێكدا ئەژيا

